نووسینی د . زاهیر سوران
1 ی ئەپریل ی 2005

# کامپیلۆباکتێر
# Campylobacter

کامپیلۆباکتێر، بەکتریایەکی گرامنێگەتیفی چەماوەیە . لە ژێر میکرۆسکۆپدا بە ئاسانی دەناسرێتەوە . لە ساڵی 1970 وە بەکتریاکە دەبێتە هۆی سکچوون لە مرۆدا بەڵام پێشتریش لە ئاژەڵدا بینراوە . زێدەتر لە 20 جۆری سێرەمی هەیە ، بەڵام ناسراوترینیان کە تووشی مرۆ دەبێت و هۆی سەرەکی سکچوون و ژانە سکن بریتین لە جۆری(Campylobacter jejuni & Campylobacter coli) . بەکتریاکە بە رێژەی جیاواز لە هەموو وڵاتاندا بڵاوبۆتەوە . هەردووجۆرەکەی سەرەوە بە تێتراسایکلین و ئیریترۆمایسین لەناودەبرێن . نزیکەی 4 هەفتە لە ئاودا (4 پلەی گەرمی) دا دەژێت بەڵام لە 4 رۆژان زێدتر لە گەرمایی (25 پلە گەرمی) دا ناژی . لەبارترین شوێنی زێدەبوونی بەکتریاکە بریتییە لە ریخۆڵە ئەستورە و گەرمی خوێنی ئاژەڵ . لە 50٪ ی نەخۆشەکان لە 2 هەفتەدا چاك دەبنەوە ، سۆکە تولانی نییە . لە سوێد لە 5 مریشکی تازە سەربڕدراودا یەکێکیان بەکتریاکەی تێدایە .

## رێگاکانی گواستنەوە

- پیسایی– دەم (لە رێگای خۆراکخواردنی پیسبوو–مریشك– بە باکتریاکەوە) .
- رێگای ئاوی پیسبوو .
- شیری پاستوێری نەکراو (نەکوڵاو لە 100 پلەی گەرمیدا) .
- لاوەکی (لەوانەیە منداڵ گەورەساڵانی هەمان خێزان تووش بکات) .

## نیشانەکان

**ئەوەی شایانی باسە مرۆ سەرچاوەیەکی سکچوونەکەیە .**

ماوەی کرکەوتنی بەکتریایە لە نێوان 2–7 رۆژدایە و لەوانە بگاتە 10 رۆژ .

**کوتوپڕ مرۆ ئەم نیشانانەی لێدەردەکەوێت :**

- لەرزو تا نزیکەی 39 پلە .
- سووکە سکچوون ، پێچ هاتن بەسکدا و ژانەسەر .
- هێڵنجدان و ڕشانەوە و ژانکردنی ماسوولکەش دەردەکەوێت .
- سکچوونەکان زێدتر لینجاوین و هەندێك جاریش خوێناوین .

## دەستنیشانکردن

- چاندنی پیسایی (ئەنجامەی 2 رۆژ دەخایەنێت) .
- گەر گومان لە ژاراویبوونی خوێن کرا ئەوا پێویستە چاندنی خوێن ئەنجام بدرێت .

## ئالۆزکاریەکان

- کۆنیشانەی Guillian-Berres .
- کۆنیشانەی Reiter .
- سۆی جەمگەکان .

### سەرچاوەکان

1. Iwarson-Norrby, infektionsmedicin, epidemiologi, klinik och terapi, säve förslag, 1998;298-99.
2. Marin GH.Voiculescu, boli infectioase, vol 2.editura medicala, Bucurest. 1990;498-502.
3. Arne Forsgren, Göran Kronvall (red). Klinik bakteriologi. Studenlitteratur. 1996;418-20.